## لەنجە عەلی:

# هونەر زۆر تەنیای کردووم ئەمەش باری سەختتر کردووم

**لەنجە عەلی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیە و زیاتر گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی هونەرمەندان دەڵێتەوە، بەتایبەتی گۆرانییەکانی محەمەدی ماملێ و عەلی مەردان، لە دیمانەیەکیشیدا لەگەڵ گوڵان باسی لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو ستایلە کرد و لە دیمانەیەکدا ئەو کارانەشی خستەڕوو کە بەم دواییە ئەنجامی داون. ئەمەش دەقەکەیەتی:**

*** ستایلی تۆ تایبەتە، چۆن بوو ئەو ستایلەت هەڵبژارد؟ ئایا هەڵبژاردنی حەزی خۆت بوو بۆ ئەم ستایلە، یاخود گونجانی دەنگت بوو؟**

- هەر هونەرمەندێك حەز دەکات بە ستایلێك دەرکەوێت کە بزانێت نزیکە لە دەنگ و ئەدای خۆی و حەز بەو ستایلە بکات، سەرەتا کە دەستم پێکرد هەستم کرد ئەم ستایلە لە من نزیکە ئەویش زیاتر ستایلی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانە.

**• ئەو ستایلە زیاتر پێویستی بە بوونی گرووپ هەیە، ئەمە بۆ تۆ زەحمەت نەبوو؟**

- بە دڵنیاییەوە کاری هونەری هەمووی قورسە گۆرانی وتن بەو ستایلە بۆ من ئێستاش هەر زەحمەتە، چونکە پێویستی بە ئامێری رۆژهەڵاتی و ژەنیاری باش هەیە و تا رادەیەکی زۆریش تایبەتن، ژیانی من لە ئەورووپا کارەکانی قورستر کردووە، بەڵام ئەوە حەز و هەستی منە بۆ گۆرانی و هونەری کوردی بۆیە هەوڵمداوە بەسەر ئەم سەختیانەدا زاڵ بم.

*** ئێستا تۆ بە ستایلی تایبەتی خۆت ناسراوی، ئایا پێشتر جگە لەو ستایلە گۆرانیت وتووە؟ ئەگەر گۆرانییەکت بۆ رێککەوت و بەو ستایلە نەبوو، دەیڵێی؟**

- نەخێر، تا ئێستا بە هیچ شێوازێکی دیکە گۆرانیم نەوتووە و بەنیاز نیم لە داهاتووشدا شێواز و ستایلی خۆم بگۆڕم، چونکە هونەری گۆرانیی وتن شتێکی تایبەتە و ستایل گۆڕین کارێکی ئاسان نییە و حەز دەکەم ئەوەش بۆ هەموو لایەك روون بکەمەوە کە هونەرمەند ناتوانێت ئەمڕۆ لە پۆپ کار بکات و سبەی کارێکی فۆلکلۆری ئەنجام بدات و پێچەوانەکەشی هەر راستە.

*** نوێکردنەوە و دووبارە وتنەوەی گۆرانیی هونەرمەندە نەمرەکان بە چ پێوەرێك هەڵدەبژێری؟**

- سەرەتا پشت بە هەستی خۆم دەبەستم، هەر گۆرانییەك هەڵبژێرم پێویستە لەگەڵ هەست و نەست و ئەزموونی خۆمدا رەنگ بداتەوە بۆ نموونە گۆرانیی (هەواری خاڵی) ئەزموون و بیرەوەرییەکی زۆرم هەیە لەگەڵی، هەر هەندێك گۆرانی هەیە پێویستە بیانپارێزین و پاراستنیش هەر ئەوە نییە لە شوێنێك هەڵیگرین بۆ ئەوەی نەفەوتێ پێویستە بە شێوازی نوێ و بە دەم وچاو و دەنگ و هەستی نوێ کاریان لەسەر بکەین، پەیامی من پاراستنیانە و ئەگەر زۆر باشیش ئەنجامیان نەدەین لانی کەم مافی ئەو گۆرانییە نەخۆین و بە نەوەی ئێستا و نەوەی داهاتووشی بگەیەنین بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە.

*** لە هەڵبژاردنیان کێ هاوکاریت دەکات؟**

- هەمیشە یەکەم کەس خۆمم کە بڕیار دەدەم لەسەر ئەو گۆرانییەی دەیڵێم و دووبارەی دەکەمەوە کە بزانم لەگەڵ من زیاتر دەگونجێ و دڵنیا بم لەوەی دەتوانم بە باشی بیڵێم و تێیدا سەرکەوتوو دەبم و هەندێك جار کەسانی تریش هاوکاریم دەکەن بۆ نموونە و لە بوونی گۆرانییەك ئاگادارم دەکەنەوە کە نزیك بێت لە دەنگ و ستایلی من و میلۆدی باشی بۆ نەکرابێت دوای گوێگرتن بڕیاری لەسەر دەدەین، بەڵام بڕیاری کۆتایی بۆ خۆمە.

***ئەی لە گۆرانییە نوێیەکان کێ هاوکاریت دەکات؟**

- ئەوەی راستی بێت من ئێستا دەستمکردووە بە دانانی ئاواز بۆ خۆم، پێشتر گرووپی (لوڕ) و کەسانی تریش تا رادەیەك یارمەتییان داوم، بەڵام هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا زیاتر پشت بە ئاوازەکانی خۆم ببەستم.

*** پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان لەنجە و هونەرمەندانی نەمر (محەمەدی ماملێ و عەلی مەردان) هەیە، چ شتێك لەم دوو هونەرمەندە زیاتر سەرنجی راکێشای و خۆت لە کامیان نزیکتر دەبینیەوە؟**

- شتێکی حاشاهەڵنەگر هەیە کە نکوڵی لێناکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دوو هونەرمەندە بە دوو پایە و کۆڵەگەی هەرە گرنگی هونەری کوردی دادەنرێن، لە بواری مقاماتەوە من بە تەحەدداوە دەیڵێم کە ئەوەی هونەرمەند عەلی مەردان کردوویەتی، هیچ هونەرمەندێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نەتەوەکانی تریش نەیتوانیوە بیکەن. مامۆستا محەمەدی ماملێ بە شێوەیەکی جیاوازتر کۆڵەگەی میلۆدی کوردییە و ئەوەندە کاری لە میلۆدی کوردی کردووە، کە زۆر کەم میلۆدی فۆلکلۆر و کلاسیك هەیە کە شوێن پەنجەی ماملێی پێوە دیار نەبێت، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، ماملێ تا بڵێی مرۆڤێکی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر و خاکپەروەر و خاوەن هەستێکی بێ وێنەی نەتەوایەتی بوو، رەنگە ئەم لایەنەی ماملێ زیاتر کاریگەریی لەسەر من جێهێشتبێت و هەمیشە ئەستێرەیەکی دیار و درەوشاوەیە لە کارەکانی مندا و بەردەوام

**مامۆستا محەمەدی ماملێ بە شێوەیەکی جیاوازتر کۆڵەگەی میلۆدی کوردییە و ئەوەندە کاری لە میلۆدی کوردی کردووە، کە زۆر کەم میلۆدی فۆلکلۆر و کلاسیک هەیە کە شوێن پەنجەی ماملێی پێوە دیار نەبێت**

**هیچ لە گۆرانییەکانم نییە کە رەنگدانەوەی ژیانی خۆم نەبێت، هەموو گۆرانییەکی من مەبەستێکی تایبەتی لە پشتەوە هەیە، هەست و نەست و بیرەوەری جوان و ناخۆشی تێدایە**



شتی نوێی لێ فێر دەبم، بۆیە من تا رادەیەك زیاتر لە هونەری مامڵێوە نزیکترم.

*** زۆر لە هونەرمەندان باس لەوە دەکەن کە یەکێك لە کارە هونەرییەکانیان یان چەند کارێکیان گوزارشت لە ژیانی تایبەتی خۆیان دەکات، هیچ لە گۆرانییەکانت باس لە ژیانی تایبەتی تۆ دەکەن یان رەنگدانەوەی ژیانی تۆ بێت؟**

- هیچ لە گۆرانییەکانم نییە کە رەنگدانەوەی ژیانی خۆم نەبێت، هەموو گۆرانییەکی من مەبەستێکی تایبەتی لە پشتەوە هەیە، هەست و نەست و بیرەوەری جوان و ناخۆشی تێدایە، بۆیە دەڵێم هەموو گۆرانییەکانم سەد دەر سەد گوزارشت لە هەست و نەستی من دەکەن.

*** بەڵام کامەیان زیاتر تەواو رەنگدانەوەی ژیانی تۆ بووە و ویستووتە چ پەیامێك لە رێگەی ئەم گۆرانییەوە بگەیەنی؟**

- هەواری خاڵی، بەڵام زۆر سەختە بۆ من ئێستا پێتان بڵێم پەیامی من چی بووە لە پەنای ئەو گۆرانییە، خودی تێکستی گۆرانییەکە کە مامۆستا هێمن موکریانی دایڕشتووە، مانای زۆری هەیە و دەکرێ بەشێکی ژیانی من هەمیشە (هەواری خاڵی ) بووبێت.

*** ژیانی هەندەران و هاوسەرێتی و کاری هونەری ئەمانە هەموویان بە یەکەوە باری ژیانیان سەخت نەکردووی؟**

- بێگومان زۆر زۆر سەختە بۆ کەسێك کە سەرقاڵی هونەر نەبێت، رەنگە ژیانی زۆر باشتر لە من بگوزەرێت، جگە لەوە کە هونەر دنیایەك جوانی بە من بەخشیوە و هەر هیچ نەبێت توانیومە لە رێگەی دەنگمەوە گوزارشت لە هەست و ناخی خۆم و تا رادەیەك نەتەوەکەشم بکەم، بەڵام سەرەڕای ئەمانە هونەر زۆر تەنیای کردووم ئەم تەنیاییەش بۆخۆی سەختییەکە.

*** لەبەر بارودۆخی تایبەتی ئێستای کوردستان زۆربەی هونەرمەندان کارەکانی خۆیان راگرتووە، یان تەنیا سروود و گۆرانی نیشتمانییان بڵاوکردەوە، بۆچی تۆ لەو کاتەدا خەریکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێی؟**

- ئەو کارە بە رێکەوت نەبووە، بەڵکو بە مەبەستەوە ئەو کارەم کردووە، دواجار کە گەڕامەوە کۆنسێرتێکم ئەنجامدا کە داهاتەکەی بۆ ئاوارەکانی شنگال بوو، کە توانیم بڕە پارەیەکی باش کۆبکەمەوە. زۆربەی هونەرمەندان خەریکی سروودوتن بوون، هەستم کرد بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەی کوردستانەوە هونەری کوردی بەرەو کزی دەڕوات و دوژمنانی کوردیش بە هێرشەکانیان مەبەستیانە کەلتووری ئێمە لاواز بکەن و خۆشییەکانمان لێ تاڵ بکەن، منیش بەو بەرهەمانەی پێشکەشم کردوون مەبەستم ئەوە بووە رێگە نەدەین ئەم پەردە رەشە دامانپۆشێ و بۆیان بسەلمێنین کە ئێمە هەین، ئەگەر رۆژانە سەدان شەهیدیش بکەینە قوربانی ئەم خاکە کۆڵ نادەین، ئەوان چیدەکەن، با بیکەن، ئێمەش خەریکی هونەر و کەلتووری خۆمان دەبین کە ناسنامەی ئێمەیە.

# خەونە سەیرەکەی بریتنی چییە؟



لە سەرتاسەری دنیا بە سەدان هەزار کەس خەون بە پلە و پایە و کاری خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی بریتنی سپێرزیەوە دەبینن، بەڵام پێدەچێت ئەو خۆی بەم کارەی رازی نەبێت و لەم رووەوە بریتنی ئەو کارەی کە خەونی پێوە دەبینێت ئاشکرا کرد و بۆ هەموو لایەك سەیرە و باوەڕ ناکەن کە هونەرمەندێك لە ئاستی بریتنی بێت و بە کاری خۆی رازی نەبێت کارێکی دیکە هەڵبژێرێت کە پێویستی پێی نییە.

بریتنی رایگەیاند کە خەون بەوەوە دەبینێت رۆژێك لە رۆژان بتوانێت منداڵەکانی براد بیت و ئەنجلینا جولی بەخێو بکات بریتنی لەم بارەیەوە لە لێدوانێکی بۆ ماڵپەڕی (E! Online) دووپاتی کردەوە کە هەست دەکات هەموو کاتەکانی لەگەڵ خانەوادەی براد و ئەنجلینا بەسەر بەرێت تەنانەت ئەگەر پێویست بێت لە ماڵیان بژیت و منداڵەکانیان پەروەردە بکات و لەم بارەیەوە وتی: جارێکیان خانەوادەی برادم بینیوە و هیواخوازم جارێکی دیکە بیانبینم و حەز دەکەم منداڵەکانیان پەروەردە بکەم.

ئێستا براد و ئەنجلینا خاوەن شەش منداڵن. لە بارەی سەختیی پەروەردەکردنی شەش منداڵ بریتنی وتی: رەنگە ئەمە بۆ هەندێك کەس وابێت، بەڵام من چێژ لەم کارەم وەردەگرم و هیوای بۆ دەخوازم.

# ڤیدیا ترسی لە سەرکەوتنی فیلمەکەی هەیە



ئەگەر بە رواڵەتەوە سەیری ژیانی کەسایەتییە ناودارەکان بکەین، رەنگە زۆر سەرنجڕاکێش بێت و وای لێك بدەینەوە کە ئەوان چێژ لە ژیان وەردەگرن بەشێوەیەکی جیاواز و رەنگە زۆر جار ئیرەییشیان پێ ببەین، بەڵام لە ناوەڕۆکدا وا نییە و دوور نییە ژیانی کەسانی ئاسایی زۆر لە ژیانی ئەکتەرە ناودارەکان خۆشتر بێت.

زۆر لە ناوداران بەتایبەتی ئەکتەرەکان باجێکی زۆر قورسی ناوبانگ دەدەن و لە زۆر بێبەش دەکرێن و بەردەوام ماندوو و شەکەتن و بە دەست گرفتی تەندروستی و دەروونی و دڵەڕاوکێوە دەناڵێنن، ڤیدیا بالانی ئەستێرەی سینەمایی هیندستان بەم دواییە بەردەوام سەردانی کلینیکی پزیشکێکی دەروونی کردووە بۆ ئەوەی یارمەتی دەروونیی بدات لە پروپاگەندەکردن بۆ فیلمە نوێیەکەی کە بە بڕیار وایە بەم نزیکانە نمایش بکرێت.

لەم بارەیەوە ڤیدیا لە میانەی بەرنامەی ئالتوك شۆ وتی: (هاماری أدهوری کاهانی) نوێترین فیلمی منە و پێشبینی سەرکەوتنیشی لێدەکەم، بەڵام هەست بە ترسێکی زۆر دەکەم، بۆیە بۆ یەکەم جار سەردانی پزیشکێکی دەروونیم کرد، تاکو یارمەتیم بدات بۆ رزگاربوون لەو ترسەی کە تووشی هاتووم.

لەم فیلمە نوێیەیدا ڤیدیا رۆڵی کە گوڵفرۆشێك دەبینێت کە لە هۆتێلێك کار دەکات، هەروەها ئەکتەری ناسراوی هیندی عمران هاشم رۆڵی پاڵەوان دەبینێت شان بە شانی ڤیدیا.

لە لوبنان زۆربەی ئەستێرەکانی بواری گۆرانی و موزیك و مۆدێلەکان کە لە سەر ئاستی عەرەبی و جیهانی ناوبانگێکی زۆریان پەیدا کردووە، هەوڵ دەدەن روو لە بواری نواندن بکەن، یاخود بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرەکان هەوڵ دەدەن سوود لە توانا و ئاستی جەماوەرییان وەربگرن و لە کارەکانیاندا بەشداری بکەن، رۆڵی نواندنیان پێشکەش دەکەن.

هەندێك لە ئەستێرەکان سەرکەوتنی گەورە بە دەست دەهێنن و سنووری لوبنان دەبەزێنن و هەندێکی دیکەشیان دوای چەند کارێك واز دەهێنن و لە نواندن دووردەکەونەوە.

نانسی عەجرەم کە لە بواری گۆرانی و میوزیك سەرکەوتنی بێ وێنەی بەدەستهێناوە و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، پێدەچێت سەرکەوتنی هەیفا وەهبی و میریام فارس و چەندانی دیکە کاریگەریی لێی کردبێ، بۆیە ئێستا بیر لە نواندن دەکاتەوە و لەم بارەیەوە رایگەیاندووە کە لە سەرەتای ساڵی داهاتووە روو لە بواری نواندن دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێوەندی بە چەند سیناریستێکەوە کردووە بۆ ئەوەی بیرۆکەی چەند زنجیرە درامایەکی پێشکەش بکەن کە تێیدا رۆڵی کەسایەتییەکی میسری ببینێت و هەرکاتێك سیناریۆیەکی هەڵبژارد لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە دادەنیشێت کە کارەکەیان پێشکەش کردبوو بۆ ئەوەی تیمی زنجیرەکە هەڵبژێرێت تاکو لە رەمەزانی داهاتوو ئامادە بێت بۆ کێبڕکێ کردن لەگەڵ زنجیرە دراماکان دیکە.



# سەلیم مودەریسی بە (هەزار مێرد) توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەخاتەڕوو



زۆر فیلمی درێژ و کورت و زنجیرە دراما دەربارەی توندوتیژی خێزانی بەرهەمهێنراون، هەروەها فیستیڤاڵی تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستە ساز کراون بە ئامانجی ڕێگەگرتن لەو دیاردە نەگریسە و خەڵاتی جیهانیشیان بەدەستهێناوە.

سەلیم مودەریسی کە دەرهێنەرێکی ڕۆژهەڵاتی دانیشتووی وڵاتی کەنەدایە ئێستا خەریکی فیلمێکی نوێیە بە ناوی (هەزار مێرد) کە ئەم کێشەی کوشتنی ئافرەتان بە شێوازێکی جیاواز دەخاتەڕوو.

سەلیم لە دایکبووی شاری پیرانشاری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە لە کەنەدا دەژی و لە ساڵی ٢٠١١ کۆلێژی NEW WAVE PRODUCTION شاری تۆرنتۆ تەواو کردووە. لەو کاتەوە دەستیکردووە بە دەرهێنانی کورتە فیلم و نووسینی چەند سینیاریۆ بۆ فیلمی درێژ.

دەربارەی فیلمی هەزار مێرد دەڵێ: فیلمی سینەمایی هەزارمێرد گێڕانەوەی یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە توندوتیژییە دژی ئافرەت و کوشتنی مرۆڤە لە سەر شەرەف. وپێموایە تەنیا ئافرەت قوربانی ئەم کێشەیە نییە بەڵکو ڕەگەزی نێریش بەشێوازی جۆراجۆر قوربانیی ئەم کێشەیەیە.

سەبارەت بە جیاوازی ئەم فیلمە لەگەڵ فیلمەکانی تر کە لەم ڕووەوە بەرهەمهێنراون سەلیم دەڵێ:

ئەو کێشە لە سەرەتای مێژووەوە هەبووە و ئێستاش بەردەوامە. بۆ ئامادەکردنی ئەو کەشوهەوا مێژووییە پێویست بوو سوود لە هەموو تایبەتمەندییەکان سەردەمی پێشوو وەربگرین و جلوبەرگ یەکێکە لە سەرەکیترین ئەو شتانەی کە پێویست بوو پشتگوێی نەخەین و گرنگییەکی زۆری پێ بدەین ڕاستە جلوبەرگی کوردی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە کە کورد پێی ناسراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوو. پێشتر چەند فیلمی مێژوویی کوردیم دیبوون کە جلوبەرگەکانیان هی ئێستا بوون.



و لەبەر ئەوەی حەزم دەکرد لە رووی جلوبەرگەوە مۆرکێکی مێژوویی پێوە بێت و نەبێت شتێکی دووبارە وەك ئەوەی ئێستا هەیە هەوڵمدا تایبەتمەندییەکی پێ ببەخشم ئەمەش کارەکەی من زۆر زەحمەتتر کرد .

مودەریسی کوشتنی ئافرەتان و بوونیان بە قوربانی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆکاری سەرەکی دانانی ئەم بیرۆکەیە دەزانێت و دەڵێ: هەزارمێرد واتە خانی هەزارمێرد، لەبارەی بیرۆکەی فیلمەکەش، ئێمە ڕۆژانە گوێبیستی هەواڵی کوژرانی ئافرەتان دەبین بە هۆی ئەو کێشەیەوە و تەنیا لەبەر ئەوەی پابەندین بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو و زۆر جار وەکو مرۆڤ سەیری ئافرەت ناکرێ کە هەمان مافی پیاوی هەیە.

هەر فیلمێکی بەتایبەتی ئەگەر لەو جۆرە بابەتانە بێت کە (هەزار مێرد) دەیخاتە روو ئامانج و پەیامی تایبەتی هەیە و دەیەوێ بە کۆمەڵگای بگەیەنێت، لەم بارەیەوە سەلیم دەڵێ: ئێمە چیرۆکێک دەگێڕینەوە. هەوڵمان داوە بێلایەنانە کێشەکە شی بکەینەوە. بینەر دەتوانێ خوێندنەوەی خۆی هەبێ، هەزارمێرد هەوڵ دەدا سەرنجی بینەری بیانی بۆ وڵاتێک ڕابکێشێ کە مێژوو و کەلتوور، جلوبەرگ و مووزیکی تایبەت بە خۆی هەیە، تەنانەت هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانیشی تایبەت بەخۆیەتی.، بەڵام وڵاتێکە ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە سەر نەخشەی دنیا وەك دەوڵەتێك بوونی نییە.

لە سیناریۆ و دەرهێنانی هەزارمێرد دا هەوڵ دراوە چیرۆکێکی کوردی بە شێوازە ستانداردەکانی سینەمای جیهانی بگێڕدرێتەوە. ڕەنگە ئەوە وا بکا کە جگە لە بینەری کورد، بینەرانی بیانیش چێژی لێوەرگرن و پەیوەندی لەگەڵ بەرقەرار بکەن.

لەبارەی شێوازی کارکردن لەم فیلمەدا سەلیم دەڵێ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لە هەموو بوارە هونەرییەکان لە سینەما ڕا بگرە تا ڕۆمان و موزیک، وێڕای پاراستنی ئاستی هونەری، حیساب بۆ ئەوە دەکرێ کە بینەر چێژ لە بەرهەمەکە وەرگرێ. چونکە ئەوە بینەرە کە بەو پارەیەی کە دەیدا و بەو کاتەی کە بۆ بینینی تەرخانی دەکا، هەزارمێرد هەوڵی داوە ئەوە ڕەچاو کردبێ، کە ئەم ڕوانگەیەش بۆ سینەمای کوردی شتێکی نوێیە ئێمە تەئکیدمان لە سەر سینەمایەک هەیە کە مافی بینەر دەپارێزێ. یانی لە هەموو تەکنیکەکە باوەکانی سینەما کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی بینەر ڕازی بکا. کارەکتەری بەهێز، یانی کەسێک کە زیاتر ئەهلی کردەوەیە تا قسە، دیالۆگی کەم و خۆماڵی

لە بارەی جیاوازی ئەم کارەش لەگەڵ کارەکانی پێشووی دەڵێ: هەر کارێکی هونەری تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئەوەش وا دەکا کە بەراوردکردنیان سەخت بێ. پێموایە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەزارمێرد لەوەدایە کە هەوڵی داوە مافی بینەر بپارێزێ.

